# حکومەتی هەرێمی کوردستان

## وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو

### بەریوەبەرایەتی گشتی بەنداوو کۆگاکانی ئاو

Ministry of
Water Resources

# رووباری دیجلە و لقەکانی


## لەلایەن ئەندازیار

## مخلص یونس اسعد

بەریوەبەرایەتی گشتی بەنداوو کۆگاکانی ئاو



٢٠٠٨

# رووبـاری دیجلــه

رووبـاری دیجله یەکێکە لەو دوو رووبـارە سەرەکی یانەی کە دێنە نـاو عراق لەگەڵ رووبـاری فورات , کەدرێژیەکەی ١٩٠٠ کم کە ١٤١٥ کم ی لەنـاو عێراقە وە رووبەری حەوزەکەی ٢٣٥ هەزار کم$^{٢}$ کە ٥٤٪ ی لەنـاو عراقە. گرنگی یەکەی لەوە دایە بەدرێژایی خاکی عراق لە بـاکوورەوە تـاکو بـاشوور درێژەی هەیە , کەئەمەش گرنگی لەوەدایە لەنـاوچە شاخاوی یەکان هەلی زۆر دەرەخسێنێ بۆ دروست کردنی بەنداو , وەلە نـاوچە دەشتا یی و تەختاییەکانیشدا لەگەڵ لق و زێ یەکانی ئەم رووبارە , بەیەکەوە بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئاودێری و گەشت و گوزارو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە .

رووبـاری دیجلە لە دامێنی خوارووی زنجیرە چیای رۆژهەلاتی تۆرۆس لەباکووری کوردستان هەڵدەقوڵێت. دوای ئەوەی لە باکووری گوندی فیشخابوور دێتە نـاو خاکی هەرێمی کوردستان بەنـاو دۆڵێکی فراوانی پێچاوپێچ دا دەروا پاشان بـانی موصل دەبڕێت لەوێدا پێش ئەوەی بگاتە شاری موصل رووبـاری دهوکی تێ دەرژێ کە ئەویش بەنداوی دهوکی لەسەر دروست کراوە.




وێنەی رووبارو لقەکانیان

## Duhok Dam

Location : duhok government
Total storage : ٤٧.٥١million m٣
Dead storage : ٤.٣٩million m٣
Dam type : Earth fill
Dam height : ٦٠m
Construction date : ١٩٨٨
Max storage level : ٦١٨.٨masl
Max spillway discharge : ٨١m٣/sec






پاشان بەنداوی موصل ی لەسەر دروست کراوە کە مواصفاتی بەم شێوەیەی خوارەوەیە و بڕی تێچووی ٣٠ ملیۆن دۆلارە .

## Musul Dam

Location : Nainawa government
Coordinates : N٣٦.٦٣andE٤٢.٨٢
Total storage : ١٤٥٣٠Miliar m٣
Dead storage : ٢٩٥٠m٣
Damtype : Earth fill
Dam height : ١١٣m
Electricity generation : ٧٥٠mw
Construction date : ١٩٨٦
Max storage level : ٣٣٨.٥masl
Min.storage level : ٣٠٠masl
Max spillway discharge : ١٣٠٠٠m٣/sec
Maxirrigation gates discharge: ١١٢٠m٣/sec
Max power plant discharge : ١١٠٠m٣/sec
Spillway gates : ٥
Irrigation gates : ٤
Power units : ٤






**لەدوای ئەوە بەنداوی بادوش دێت کە دروست دەکرێت بۆ هەرمەترسیەك لەکاتی ڕمانی بەنداوی موصل ,وە کار لەم بەنداوە دووجار وەستاوە یەکەمیان لە ساڵی ۱۹۹۱ بە هۆی شەری کەنداو وە دووەمیان لە ساڵی ۲۰۰۰ بەهۆی** ( embargo ) **وە مواصفاتی ئەم بەنداوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە .**

Badoosh Dam

Location : Nainawa
Aaaaariver name: Tigress river
Dam type : Earth fill dam
Damhieght : ۱۰۰m
Max storage : ۱۱۰۰۰miliar m۳
Power generation: ۱۷٥mw

……………………………………………………………………………

*رووباری دیجلە ئەوەی کە گرنگە بۆ ئێمە ئەو بەشەیە کەبەناو خاکی هەرێمی کوردستان دا تێپەڕ دەبێت , کە لەگوندی فیشخابوورەوە دەست پێ دەکات تاوەکو دەگاتە فە تحە , درێژی ئەم بەشەی ٤١٠ کم وەبڕی ئاوی ساڵانەی دیجلە و لقەکانی نزیکەی ( ٤٩,٤٨ ) ملیار م³ بەڵام دیجلە بەتەنها ( ١٨,٨٠ ) ملیار م³ کە ٥٦٪ لە تورکیا و ٣٢٪ لە عراق و ١٢٪ لە ئێرانە . وەهەندێ زێ دەرژێنە ناو دیجلە ئەوانیش :

١- زێی گەورە
٢- زێی بچووك
٣- ڕۆخانە ( عوزێم )
٤- سیروان ( دیالە )
٥- خابوور

١- زێی گەورە :

ئەم زێ یە بەگرنگترین لقی رووباری دیجلە دەژمێردرێت , لە چیاکانی هەکاری لە ناوەڕاستی نێوان دەریاچەی وان و دەریاچەی ورمێ هەڵدەقوڵێت لە نزیك گوندی چاڵ لەباکووری قەزای ئامێدی بەناوچەی بارزاندا تێدەپەڕێ پاشان بەرەو باشووری رۆژهەڵات دەروات و رووباری ( شین ) ی تێدەرژێ دوایی رووباری ( شەمزینان ) تێدەرژێ ئینجا لە نزیك گوندی رێزان رووباری چامەی تێ دەرژێ دواتر لەنزیك شوێنی بەنداوی بێخمە رووبارێکی تێدەرژێ ( کە ئەویش پێکهاتووە لە لقەکانی رووباری چۆمان وجوند یان و بێخاڵ و رووباری تاڤگەی گەلی عەلی بەگ کە لە دۆڵی ئالانە دێت ) لە پاشان رووبارەکە بەتەنگەبەری بێخمەدا تێپەڕ دەبێت ئاڕاستەکەی بەرەو باشووری رۆژئاوا دەگۆڕێت پاشان لەگەل خازر یەکدەگرێت و لەنزیك گوندی نەمروود دەرژێتە رووباری دیجلە .

درێژی ئەم رووبارە ( ٤٧٣ )کم , روبەری ئاوگرەکەی ( ٢٦٤٧٠ ) کم٢ , ( ٣٢,٦٪ )رووباری دیجلە پێك دێنێت وە رێژەی داهاتی لەناو عراق ٥٨٪ و رێژەی داهاتی لە دەرەوەی عراق ٤٢٪ دەبێت .

یەکێ لە سودەکانی ئەم زێ یە هەلگرتنی پرۆژەی ئاوی ئیفرازە لەسەری بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتوانی شاری هەولێر,دروستکردنی بەنداوی بێخمەیە لەسەری کە تاکو ئێستا تەواو نەبوە,وە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و ئاودێری سوودی زۆری لێ وەرگیراوە هەول دەدرێت بۆ سوود وەرگرتن بەنداوی (بەخمە,تەقتەق,مەنداوە و چەند بەنداوێکی تر)ی لەسەر دروست بکرێ. وە چەند پرۆژەیەکی کارۆئاوی

پێشنیار کراوه لەسەر ئەم زێ یە بکرێت  لەوانە پرۆژەی کارۆئاوی دێرەلوك, پرۆژەی کارۆئاوی حەلوان,. پرۆژەی کارۆئاوی دێرەلوك-ڕەشاوە,وە بە گوێرەی خاڵی وەرگرتنی پێوانە لە ئاسکی کەلەك کە دەکەوێتە سەر هەردوو ئاراستەی N!١٦ º٣٦ وE !٣٨ º٤٣ کە لە ڕوبەری (٢٠,٥٠٠) کم$^2$ زیاترین بڕی ئاوی ڕۆیشتوو (٢٢٨٢ )م$^3$\چرکەلە ساڵی (١٩٩٤) و کەمترین بڕی ئاوی ڕۆیشتوو (٣٤م$^3$\چرکەلەمانگی هەشتی( ١٩٩٠ )وەرگیراوە.

## ڕووبارەکانی زابی گەورەی لێ دروست دەبێ:

١- ڕووباری شین

٢- ڕووباری ڕێزان

### ١- ڕووباری شین:

لە یەکگرتنی لقی ڕۆشین لەگەڵ لقی ڕەشاقە پێك دێت کە لە نزیك گندی باڵندە ڕووباری بلێ دروست دەکەن درێژ دەبێتەوە تا تێکەل بە ڕووباری ڕێزان دەبێ ئەمیش لەگەل ڕووباری خەلان زێ ی گەورە دروست دەکەن. درێژی ڕووبارەکە دەگاتە ( . ٦٠٣ )کم و ڕوبەری ئاوگرەکەی (١١٢٩ )کم$^2$, بڕی ئاوی ڕۆیشتوو لە هاوین( ١٨ )م$^3$\چرکە و لە زستان (٦٨٥ )م$^3$\چرکە.

### ٢-ڕووباری ڕێزان:

لە ناوچە شاخاویەکانی سنوری (تورکیا- عیراق- ئێران) هەلدەقولێت.درێژدەبێتەوە لقی ڕۆچکی تێکەل دەبێت ,لەگەل ڕووباری شین یەك دەگرێت و ڕووباری ڕێزان پێك دێت پاشان لەگەل ڕووباری خەلان یەکدەگرێت و زێ ی گەورە دروست دەکەن پێش ئەوەی بگاتە بەنداوی بەخمە. . درێژی ڕووبارەکە دەگاتە (٥٦,٥)کم و ڕوبەری ئاوگرەکەی (١١٥٨ )کم$^2$, بڕی ئاوی ڕۆیشتوو لە هاوین( ٩ )م$^3$\چرکە و لە زستان (١٤٦ )م$^3$\چرکە.

## ئەو لقانەی لای ڕاستەوە دەڕژێتە زابی گەورە:

١ - ڕووباری خازر:درێژی( ٧٠ )کم کەمترین بری ئاوی ڕۆیشتوو( ٤,٥ )م$^3$\چرکە,زیاترین بڕی ئاوی ڕۆیشتو ( ٣٢١ )م$^3$\چرکە لە نزیك قەزای قەرە قووش دەڕژێتە دیجلەوە.

٢- ڕوباری زەنتە(گەلی زەنتە )

٣- ڕووباری میرەکی –سەرکەندال-سوسێ

٤- چەند لقێکی تر(کەلانی,ڕولك,کندەسۆر,داروك,شەرفۆناوە,قەسرۆك )

## Bakhma dam

| | | |
|---|---|---|
| Location | : | Erbil government |
| Total storage | : | ١٧Miliar m٣ |
| Dead storage | : | ٢٩٥٠m٣ |
| Dam type | : | stone rock fill clay encore |
| Dam height | : | ٢٣٠m |
| Electricity generation | : | ١٥٠٠mw |
| Max storage level | : | ٥٨٧masl |
| Min. storage level | : | ٥١٧masl |
| Max irrigation gates discharge | : | ٧٥٠m٣/sec |



.................................

## زێ ی پچووك:

سەرچاوەکەی لە باکوری خۆرئاوای ئێرانەوەیە ,چیاکانی قەندیل و لاجان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەم زێ یەو لقەکانی دادەنرێت, ڕووبەری ئاوگرەکەی ( ٢٢٢٥٠ )کم٢ ,درێژیەکەی دەگاتە ( ٤٥٦ )کم.بەرهەمی سالانەی ( ٧,٠٧ ) ملیار مەتر سێجایە,بڕی ئاوی ڕۆیشتوو ( ٢٢١ ) م٣\چرکە,کەمترین بڕی ئاوی ڕۆیشتوو( ٢٠ )م٣\چرکە,١٦٪ ئاوی ڕووباری دیجلە پێکدێنێت,ئەم ڕووبارە لە خاکی ئێران بە چەمی بانە ناسراوە کە ڕووباری (شابەدین,سورەبان,چەمی سوێری) تێدەڕژێت و لە نزیك گوندی چۆمان دێتە ناو خاکی عێراقەوە پێی دەڵێن چەمی چۆمان ئەم چەمە( ١٥ )کم سنوری (عیراق – ئێران) پێك دێنێت پاشان لەگەل چەمی قەلاچوالان یەك دەگرێت و لە نزیك گوندی عیساوێ یەوە ڕوباری زێ ی پچوك دروست دەبێت,کە لە لای راستی لقی چەمی( ئالووت,ووچەك)کە سەرچاوەکەی لە ئێرانەوەیە و چەمی شاناخسێ کە سەرچاوەکەی لە عیراقە تێدەڕژێت.وە چەند پرۆژەیەکی کارۆئاوی پێشنیار کراوە لەسەر ئەم زێ یە بکرێت لەوانە پرۆژەی کارۆئاوی دمدم, پرۆژەی کارۆئاوی دێلگە, پرۆژەی کارۆئاوی تەق تەق.وە گەورەترین لافاو لە ساڵی ( ١٩٨٨ )لەم زێ یەدا ڕویدا کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاوی بەنداوی دووکان بە جۆرێك کە بەرزتر بووەوە لە ئاستی (spill way) دیەکە لێرەدا گرنگی ئەم (spill way)یە بەدیار دەکەوێ کە تاکوو ئێستا تەنها ساڵی ١٩٨٨ ئەم حاڵەتە ڕوویداوە. پاشان ڕێڕەوی ڕوبارەکە بەرەو باشوری ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە ( پردێ ) تێپەڕ دەکات تا لە دووری ( ٣٠ )کم لە باشوری شەرقاتەوە دەرژێتە ڕووباری دیجلەوە.

## لقەکانی زێ ی پچووك:

١- لقی ماوەت (قەلاچوالان) :سەرچاوەکەی لە کوردستانی ئێرانەوەیە,درێژی( ٣٩ )کم ڕوبەری ئاوگرەکەی( ١٥٠٦ )کم٢, ٣٥٪ ئاوی زێ ی پچووك پێك دێنێت, لەم لقانە پێك دێت.

أ- چەمی سیوەیل : درێژی ( ٤٩ )کم , ڕوبەری ئاوگرەکەی( ٩٠٤ )کم٢,ئەمیش لە یەکگرتنی ئەم دوو لقە پێك دێت.

١- قزلجە سو: درێژی ( ٣٩ ) کم , ڕوبەری ئاوگرەکەی ( ٢٣٩ )کم٢

٢- چەمی شلێر: درێژی ( ٥٦ کم , ڕوبەری ئاوگرەکەی ( ٥٠٤ )کم٢,لە نزیك گوندی سپیارە تێکەل بە چەمی قزلجە دەبێت و چەمی سیوەیل دروست دەبێت .

ب- چەمی کۆگە سوور: درێژی ( ٦٤ )کم , ڕوبەری ئاوگرەکەی ( ٤٠٢ )کم٢

ج-چەمی گا پیلۆن: درێژی ( ١٥ )کم , ڕوبەری ئاوگرەکەی ( ٤٠ )کم٢

## ئەو لقانەی دوای دروست بونی زێ دەرژێتە ناوی تاکوو دەریاچەی دووکان.

١-ڕووباری چەمی کانی وەیسە : درێژی ( ١١ )کم , ڕوبەری ئاوگرەکەی( ١٥ )کم٢

٢-ڕووباری باوە زێ: درێژی ( ٨ )کم , ڕوبەری ئاوگرەکەی( ٣٠ )کم٢

٣- ڕووباری هێرۆ: درێژی ( ١٤ )کم , ڕوبەری ئاوگرەکەی ( ٤٣ )کم٢

**٤- ڕووباری دارەشمانە:** درێژی (١٦ )كم ، ڕووبەری ئاوگرەكەی (٩٤ )كم٢

**٥- ڕووباری هەڵشۆ:** درێژی( ٢٧ )كم ، ڕووبەری ئاوگرەكەی( ١١٣)كم٢

**٦- ڕووباری ژاراوە:** درێژی( ٤٠ )كم ، ڕووبەری ئاوگرەكەی (٢٤٧)كم٢( بە یەكێ لە لقە گەورەكانی زێ دادەنرێت ) .

**٧-ڕوباری شرۆیت:** درێژی (٢٢ )كم ، ڕووبەری ئاوگرەكەی( ٤٦)كم٢

**٨- ڕووباری بەستەسێن:** درێژی (٢٤ )كم ، ڕووبەری ئاوگرەكەی (٩٦)كم٢

**٩- ڕووباری گارفێن:** درێژی (٣٣ )كم ، ڕووبەری ئاوگرەكەی (٩٠)كم٢

**خشتەی زانیاری وبەكارهێنانی لقەكانی زێ ی بچوك:**

| درێژی( كم ) | ڕوبەر( كم٢ ) | بڕیئایڕۆیشتوو ( م٣\چركە ) | ٪ئـاوی دیجلە | تێكـڕای ساڵانە( ملیارم٣ ) |
|---|---|---|---|---|
| ٤٥٦ | ٢٢٢٥٠ | ٢٢٦ | ١٦,٧ | ( ٧,٠٧ ) |

| لقەكانی بەكاردێ بۆ خواردنەوە | لقەكانی بەكاردێ بۆ كشتوكاڵ |
|---|---|
| چـەمی<br>شلێر, شاناخسێ, گوڵان, كۆگەسوور, سیوەیل, هەڵۆ, هە ڵشۆ. | چـەمی<br>شلێر, شاناخسێ, گوڵان, كۆگەسوور, سیوەیل, هەڵۆ, هەڵشۆ, قەلاچوالان, ژاراوە, شرویت, بەستەسێن, گافرێن. |

## ســـــد دوكـــــان

### المعلومات الأساسية للسد والمحطة الكهرومائية :-

- موقع الســد — محافظة السليمانية \ على نهر الزاب الصغير .
- نوع الســـد — خرسانى مقوس \ نصف قطر القوس ( ١٢٠ )م
- ارتفاع السد — أعلى أرتفاع ( ١١٦,٥٠ ) م
- طول الســـد — طول القمة ( ٣٦٠ ) م
- عرض قاعدة السد — اكبر عرض ( ٥٤ )م
- عرض قمة السد — ( ٨,٤٠ ) م
- منسوب قمة السد — ( ٥١٦ ) م
- منسوب التشغيلي للسد — ( ٥١١ )م حجم الخزن ( ٦,٨٠ )مليارم$^3$ مساحة الخزان ( ٢٧٠ ) كم$^2$
- أعلى منسوب فيضاني — ( ٥١٥ ) م حجم الخزن ( ٧,٢٥ )مليارم$^3$ مساحة الخزان ( ٢٩٧ ) كم$^2$ .
- السعة الخزن الاجمالي — ( ٦,٨ ) مليار متر مكعب
- سعة الخزن الحي — ( ٦,١ ) مليار متر مكعب
- سعة الخزن الميت — ( ٠,٧ ) مليار متر مكعب
- مساحة التخذية — ( ١١٦٩٠ ) كم$^2$
- المسيل المائي — * مسيل ذو ( ٣ ) ابواب حديدية يبلغ تصريفه ( ٢٢٤٠ )م$^3$\ثا عند منسوب ٥١٥( ) م
  * شكله يشبه القمع بدون ابواب منسوبة ( ٥١١ )م اعلى تصريف محتمل ( ١٨٦٠ )م$^3$\ثا عند منسوب ٥١١م
- فتحات الري — عدد الفتحات ( ٢ ) تصريف كل فتحة ( ١١٠ ) م$^3$\ثا
  أكبر تصريف تصميمي لمجموع الفتحات ( ٢٢٠ ) م$^3$\ثا
- محطة توليد الطاقة الكهربائية — عدد الوحدات ( ٥ ) سعة كل وحدة ( ٨٠ ) ميكا واط
  الطاقة التصميمية للمحطة ( ٤٠٠ ) ميكا واط
- تاريخ المباشرة بالتنفيذ — عام ١٩٥٣ تأريخ الا نجاز الفعلي ١٩٥٩ تأريخ التشغيل الفعلي آب ١٩٥٩






## ٢-بەنداوی دبس

| | |
|---|---|
| Location: | kirkuk government |
| Total storage: | ٥٠Milion m٣ |
| Dam type: | Earth dam concrete encore |
| Dam height: | ٢٢m |
| Construction date: | ١٩٦٥ |
| Max storage level: | ٥٤masl |
| Min. storage level: | ٢٤٦masl |
| Max spillway discharge: | ٨٤٠٠m٣/sec |
| Max irrigation gates discharge: | ٣٠٠m٣/sec |
| Spillway gates: | ٨ |
| Irrigation gates: | ٥ |



## ٣-ڕۆخانە ( عوزێم ) :

چیاکانی قەرەداغ و شوان بەسەرچاوەیەکی سەرەکی ئاوی لقەکانی ئەم ڕووبارە وەرزی یە دادەنرێت .

ئەم ڕووبارە لە سێ لقی وەرزی پێك دێت , ئەوانیش : ( خاسە سوو ) کە شاری کەرکووکی دەکەوێتە سەر , ( تاوغ سوو ) کە شاری ( داقوق ) ی لەسەرە , ( ئاق سوو ) کە شاری ( دوز ) ی لەسەرە .

دواتر عوزێم لەباشووری بەلەدەوە دەرژێتە ڕووباری دیجلە .

درێژی ئەم زێ یە ( ٢٢٠ ) کم تێکرای داهاتی ئاوی ساڵانەی دەگاتە ( ٠,٧ ) ملیار م٣ , بەرێژەی (٢٪) بەشداری لە پێك هاتنی سەرجەم ئاوی دیجلە دەکات , وە ڕووبەری حەوزی ئەم زێ یە ( ١٠٦٨٠ ) کم٢ . بەنداوی عوزێم لەسەر ئەم ڕووبارە دروست کراوە .



## ٤-ڕووباری سیروان( دیاله ):

ڕووباری سیروان له خاکی ئێرانەوه دێت له باشوری بەرزایی شاخی هەورامان له نزیك ناوچەی شێخانی ئێرانەوه سنوری هەردوو ولاتی ( عیراق-ئێران )دەبڕێت به درێژی( ٢٥ )کم پاشان به ئاراستەی باشوری خۆرئاوا بەنێو هەردوو لوتکەی قوڵەڕەش دەڕوات.

یەکەم لق ئاو له ناو خاکی هەرێمی کوردستان که دەچێتە سەر سیروان چەمی گریانە که سەرچاوەکەی له گوندی تەوێڵە و هاوارەوه دێت .که بڕی ئاوی ڕۆیشتو( ٠,٦ )م$^{٣}$\چرکە.که له خوار گوندی گریانەوه به ئاراستەی باشوری ڕۆژهەلاّت دەڕوات پاش ٣کم تێکەل به سیروان دەبێت .

ڕوبەری ئاوگرەکەی ( ١٧٨٥٠ )کم$^{٢}$ که له ٧٠ ٪ له ئێرانەو ٣٠٪ له عیراقه وه درێژی ( ٢١٣ )کم وه به ڕووباری دیالەوه دەگاته ( ٣٨٦ )کم.

تێکرای بری بەرهەمی ئاوی سالانەکەی ٥,٨٦ ملیار مەتر سێجایەکه ڕێژەی ١٣,٥٧٪ئاوی ڕووباری دیجله پێکد ێنێت.

ئەم ڕووباره به سنووری ئەم گوندانه تێپەر دەبێت( ناونه یجه-لە-پێگه-کۆل میتکان-نه یجەلە-چنار-مۆردین-گردە ناوێ )تا له نزیك گوندی لاوەران ڕووباری( زمکانی ) لەگەلی یەکدەگرێ.له نزیك گوندی سەرشاته دەرژێتە ناو دەریاچەکەوه.له نزیك بەرزاییەکانی مەنسوریە بەنداوی حەمرینی لەسەر هەلبەستراوه.

### لقه سەرەکیەکانی ڕووباری سیروان:

١- لقی ڕووباری زمکان:سەرچاوەکەی له ئێرانەوەیه,درێژی ( ١٦٠ )کم ,٩٥٪ له ئێرانه و ٥٪ له عیراقه,ڕوبەری ئاوگرەکەی( ١٦٠٠ )کم$^{٢}$ که له ١٥٪ ئاوی سیروان پێك دێنێت.

٢- سەرچاوەی ڕوباری زەڵم:سەرچاوەکەی له عیراقەوەیه,درێژی ( ٣٠ )کم,کەمترین بڕی ئاوی ڕۆیشتووی( ٠,٥ )م$^{٣}$\چرکه,ڕوبەری ئاوگرەکەی( ٢٧٥ )کم$^{٢}$ .

٣- ڕووباری ئاوی زەڵم و ڕیشێن: سەرچاوەکەی له عیراقەوەیه,درێژی ( ٣٤ )کم, ,ڕوبەری ئاوگرەکەی( ١٥٠ )کم$^{٢}$ ,ڕووبارێکی وەرزیه له هاویندا وشکدەکات.

٤-ڕووباری تانجەرۆ: سەرچاوەکەی لەباشوری خۆرئاوای شاری سلێمانیه, درێژی ( ٩٢ )کم, ڕوبەری ئاوگرەکەی( ١٢٥٥ )کم$^{٢}$, بڕی ئاوی ڕۆیشتووی( ٩ )م$^{٣}$\چرکه

خشتەی زانیاری ڕوباری سیروان( دیاله ):

| درێژی( کم ) | ڕوبەر( کم$^{٢}$ ) | کەمترین بڕیئایڕۆیشتو | ٪ئاوی دیجله | تێکرای داهاتی سالانەی ملیار م$^{٣}$ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨٦ | ١٧٨٥٠ | ٢١ م$^{٣}$\چرکه | ١٣,٥٧ | ٥,٨٦ |

# ســـــد دربندخان

## المعلومات الأساسية للسد والمحطة الكهرومائية :-

- موقع السـد: محافظة السليمانية \ على نهر سيروان-ديالة .
- نوع السـد: ركامى
- ارتفاع السد: أعلى أرتفاع ( ١٢٨ ) م
- طول السـد: طول القمة ( ٥٣٥ ) م
- عرض قاعدة السد: اكبر عرض (٥٠٠ )م
- عرض قمة السد: (١٧,٠٠) م
- منسوب قمة السد: (٤٩٥) م
- منسوب التشغيلي للسد: (٤٨٥)م حجم الخزن (٣)مليارم$^3$ مساحة الخزان ( ١١٤ ) كم$^2$ .
- أعلى منسوب فيضاني: (٤٩٣,٥) م حجم الخزن (٤,٠٤)مليارم$^3$ مساحة الخزان ( ١٧١ ) كم$^2$ .
- السعة الخزن الاجمالي: ( ٣ ) مليار متر مكعب
- سعة الخزن الحي: (٢,٥) مليار متر مكعب
- سعة الخزن الميت: (٠,٥) مليار متر مكعب
- مساحة التخذية: (١٧٨٥٠) كم$^2$
- المسيل المائي: * مسيل ذو ( ٣ ) ابواب أعلى تصريف محتمل (١١٤٠٠)م$^3$\ثا عند منسوب( ٤٩٣,٥ ) م
- فتحات الري: عدد الفتحات (٣) تصريف كل فتحة (١٦٠) م$^3$\ثا
أكبر تصريف تصميمي لمجموع الفتحات (٤٨٦) م$^3$\ثا
- محطة توليد الطاقة الكهربائية: عدد الوحدات (٣) سعة كل وحدة (٨٣) ميكاواط
الطاقة التصميمية للمحطة (٢٥٠) ميكا واط
- تاريخ المباشرة بالتنفيذ: عام ١٩٥٦ تأريخ الا نجاز الفعلي ١٩٦١ تأريخ التشغيل الفعلي ٣٠-٩- ١٩٦١




سد دربندخان
سيروان
الحدود الدولية
نهر ديالى
موقع سد دربندخا
على نهر ديالى




نهر الوند
جلولاء
السعدية
بعقوبة
جدول الهارونية
موقع سد حمري
على نهر ديالى

## ئەو ڕووبار و لقانەی کە دەرژێنە ڕووباری سیروان لە دوای دەربەندیخانەوە:

١- ڕوباری ئاوی دێوانە:

درێژی ئەم رووبارە (٧)کم,کەمترین بڕی ئاوی ڕۆیشتوولە هاوین(١)م٣\چرکە و لە زستان(١٥) م٣\چرکە, لە باشوری قەزای دەربەندیخان دەرژێتەرووباری سیروانەوە.

٢- روباری ئاوی هەواسان:

سەرچاوەکەی لە ئێرانەوەیە لە نزیك گوندی حەسار دێتە خاکی هەرێمی کوردستان, درێژی ئەم رووبارە (٥)کم,کەمترین بڕی ئاوی ڕۆیشتوولە هاوین(١)م٣\چرکە و لە زستان(٣-٥) م٣\چرکە, لە باشوری ناحیەی مەیدان دەرژێتەرووباری سیروانەوە.

٣- روباری ئاوی هۆمەرمل:

درێژی ئەم رووبارە (١٠)کم,کەمترین بڕی ئاوی ڕۆیشتوولە هاوین(١)م٣\چرکە و لە زستان(٤-٥) م٣\چرکە.

٤- روباری ئاوی بەکرە شەل:

کەمترین بڕی ئاوی ڕۆیشتوو لە هاوین(٠,٥)م٣\چرکە و لە زستان(٢) م٣\چرکە.

٥- لقی ئاوی قۆرە تو:

سەرچاوەکەی لە ئێرانەوەیە لە نزیك گوندی پەروێزخان دێتە خاکی هەرێمی کوردستان, درێژی ئەم رووبارە (١٥)کم,کەمترین بڕی ئاوی ڕۆیشتوولە هاوین(١)م٣\چرکە و لە زستان(١٠) م٣\چرکە, لە نزیك گوندی سەنگەر دەرژێتەرووباری سیروانەوە.

٦-لقی ئاوی بێ لوولە:

لە گوندی کانی رەشە هەلدەقولێ سەر بە ناحیەی مەیدان, بڕی ئاوی ڕۆیشتوولە هاوین(١)م٣\چرکە و لە زستان(٤) م٣\چرکە.

٧-لقی ئاوی سەرتەك:

لە گوندی هۆرێن هەلدەقولێ سەر بە ناحیەی مەیدان, بڕی ئاوی ڕۆیشتوولە هاوین(١,٥)م٣\چرکە و لە زستان(٣) م٣\چرکە.

## ٨-رووباری ئەلوەند:

سەرچاوەکەی لە کوردستانی ئێرانە لە ناوچەی خانەقینەوە دێتە خاکی کوردستانی عێراق, درێژی ئەم رووبارە (٥٠)کم,کەمترین بڕی ئاوی ڕۆیشتوولە هاوین(١)م٣\چرکە و لە زستان(١٠) م٣\چرکە,لە نزیک جەلەولا دەڕژێتە رووباری سیروانەوە.

### ٦--خابوور

ئەمەش یەکێك لەلقەکانی دیجلە یە کەدرێژی یەکەی (١٦٠) کم و رووبەری حەوزەکەی ٦٢٧٠کم٢ و داهاتی سالانەی ٢,١ ملیار م٣ وە ٥٨٪ داهاتی لەدەرەوەی عراقە ٤٢٪ لە ناوەوەی عراقە .

وە هەندێ بەنداو پێشنیار کراوە لەسەر ئەم رووبارە ئەوانیش ( چەم سیرمۆ , خەوالش , هیمبی ,خەنەس ) .

.....................................................................

* وە ئەوەی پێویستە کە لێرە بە ووردی باسی بکەین توانای کارەبایە چونکە پێویستی زۆرمان بەم ووزەیە هەیەو بری ئەم ووزەیەش کە بەرهەم دەهێنرێت زۆر کەمە.

کۆی کشتی توانای وەبەرهێنانی ووزەی کارەبا لە بەنداوە درووست کراوەکانی هەرێمی کوردستان دەگاتە ٦٥٠میگاوات (٤٠٠ میگاوات بەنداوی دوکان ٢٥٠ میگاوات بەنداوی دربەندیخان) .

لەبەر پێویستی زۆری هەرێم بە ووزەی کارەبا و سەرەرای زۆربوونی توانای گەشت و گوزارو زۆربوونی سامانی ئاژەل و ژیانەوەی ئاوی ژێر زەوی لە بەر هەموو ئەم هۆیانە کۆمەڵك بەنداوو پێشنیار کراوون کە زۆربەیان سەرەرای سوودەکانی تر کە باسمان کرد توانای وەبەرهێنانی ووزەی کارەبایان هەیە وە کۆی گشتی ووزەی وەەر هێنراو لەم کۆمەڵە بەنداوە (٥٥٩٢) میگاوات دەبێت .

لەم خشتانەی خوارەوە ژمارەو ناوی بەنداوو توانای کارەباو جۆری بەنداو روون کراوەتەوە